# (ڕامان) بە پشوو درێژی خۆی گەیشتە ژمارە (٢٠٠)

سەرنووسەر

* لە کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان زۆر گۆڤار و بڵاڤۆک و پاشکۆی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەرچوون و دەردەچن، بەڵام زۆر کەمیان توانییان بە نەفەسێکی درێژ لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن و بمێننەوە و سەرنج ڕابکێشن، بگرە بەشی هەرە زۆریان لەنیوەی ڕێگاکە کەوتن و لە دەرچوون وەستان، یان ڕاگیران. هەندێکیان ئەگەر بەردەوامیش بووبن، دەرنەچوونیان باشتر بووە لە دەرچوونیان، چونکە بەپێی بیروڕای نووسەران و لە ڕوانگەی خوێندەڤانانەوە وەستاندنی ئەوانەیان پێ باشتر بووە لەدەرچوونیان، بە تایبەتی کە دیویانە ئاستی ئەو گۆڤار و بڵاڤۆکانە نەک هەر نزم بووە، بگرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو داکشان و خەراپیی زیاتر چووە، بۆیە ئەمڕۆکە کە گۆڤاری ڕامان ژمارەکەی دەگاتە ( ٢٠٠ )، ئەوە بە ڕووداوێکی گرنگی ڕۆژنامەنووسیی و ئەدەبیی و کولتووری دەژمێردرێ.
( ٢٠٠ ) ژمارە، واتە ( ٢٠٠ ) مانگی پڕ لە ئیش کردن و ماندووبوون و هەوراز و نشێو و ئاستەنگ، کە نابێ کەس وا تێبگات لەو ماوەیەی کارکردنماندا ڕێگاکەمان هەمووی بە گوڵ و گوڵزار ڕازاوەتەوە، لە کاتێکدا کە بەدەست کۆمەڵێک گرفتی گەورەوە ناڵاندوومانە، لەبەر ئەوەی لەناو بیابانێکی وشکوبرنگی ڕۆشنبیریی وڵاتەکەماندا کە (ڕۆشنبیری) و (فیکر)ی لە پەراوێزدا ئاخنیوە، یان بەهۆی ئەوەی تەنیا جێگەی بایەخی دەستەبژێرێکی ئێجگار کەم بووە، دەنا لەسەر هیچ ئاستێکی دیکەدا بایەخی پێنادرێ.

* گرنگیی ئەو ( ٢٠٠ ) ژمارەیەی ڕامان هەر ئەوە نییە کە گۆڤارێکە ڕیکۆردی شکاندووە و بەیەک نەفەس و یەک سەڵەف هێناویەتی، بە ئارامی و سەنگینی و سەقامگیری و بەرگەگرتنی ئەو هەموو پەراوێز خستن و گرفتانە، قۆناغەکانی مانەوەی خۆی پاراستووە، بگرە گرنگییەکەی لەو پێداگرتن و سووربوونەیدایە کە بەپێی بیروڕای ڕۆشنبیران و نووسەران و هەموو ئەوانەی دەیخوێننەوە بەردەوام ئاستی خۆی پاراستووە و بەرەو هەڵکشان ڕۆیشتووە، یان قەت لە پەیامی خۆی لای نەداوە. ئێمە لەو گۆڤارەدا وەک چۆن لە ژمارە (١)ـەوە بە گەرموگوڕی و جۆشوخرۆشەوە کارمان بۆی کردووە، ئێستاش هەر بەهەمان ڕوحییەت و گەرموگوڕی سەرەتاکەی کار دەکەین، تەنانەت لە هەر ژمارەیەکی نوێدا وامان زانیوە ئەوە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەیە دەری دەکەین، لەبەر ئەوە چەندی ئاستەنگ هاتبنە سەر ڕێگامان، ئەوە نە لە گەرموگوڕییەکەمان سارد بووینەتەوە، نە دەستمان لە سووربوونی خۆمان هەڵگرتووە.

* لە ڕامان دا قەت نەمانویستووە خەریکی لاسایی کردنەوە بین، بۆیە ئیشمان لاسایی کردنەوەی کوێرانەی هیچ گۆڤارێکی کولتووری نەبووە، یان قەت بە ڕاکەڕاکە و هانکە هانک دوای هیچ جۆرە شەپۆلێک نەکەوتووین بەناوی ئەوەی گوایە (نوێباوە) تا بیهێنین و بە نەکوڵاوی دەرخواردی خوێنەرانی خۆمانی

بدەین، واتە لەلای ئێمەدا کارێک نەکراوە ئەگەر بە تەواوی لێی نەکۆڵرابێتەوە و قەناعەتی تەواوی لەلامان دروست نەکردبێ.. هەرگیز پشتیوانیمان لە وەچەیەک نەکردووە لەسەر حیسابی وەچەیەکی دی، بەڵام ڕامان هەمیشە سەکۆیەک بووە بۆ داهێنانی سێ- چوار نەوە و بە ئەمانەتەوە دەنگ و ڕەنگی هەمووانی گواستووەتەوە سەر لاپەڕەکانی.

* لە گۆڤاری ڕامان دا بەشێوەیەکی بەرچاو بایەخ بە زمانی نووسین و ڕێنووس دراوە، لانی کەم نەمانهێشتووە وشەیەک بە دوو سێ شێوە بنووسرێت، لەوەشدا نەمانوتووە و نالێین ئێمە جێگرەوەی هیچ کەس و دەزگایەکین، بەڵام ئەوەمان بە گرنگ زانیوە ڕاهێنان بەچاوی خوێنەران بکەین تا لەسەر ڕیتم و ئیقاعی شکڵ نووسیی وشە و ڕێنووسێکی پوخت و ڕێک ڕابهێنین، تا چاویان تووشی شڵەژان نەبێ و زیهنیان پەرتوبڵاو نەکرێت، بۆیە لە ڕامان دا نەک گرفتی زمانێکی ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ بە یەکە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین، بگرە زۆر مەبەستمانە جگە لە ئیقاعی شیعر و چیرۆکەکان، ئیقاعی ڕستەی وتار و لێکۆڵینەوەکانیش ڕابگرین.

* کاری ڕۆشنبیری و داهێنان هەرگیز بەبێ ئازادی ناکرێت، بۆیە دەبێ بە ویژدانەوە بڵێیم لەوەتەی من خەریکی سەروکاری ئەم گۆڤارەم تا ئەمڕۆکە کەس بەدوور و نزیک سانسۆری نەکردووین، بۆیە لە کاری ئێمەدا فەزایەکی ئازاد و ئازادییەکی بێ سنوور بۆ کارکردن هەیە، لە ژمارە (١)ـەوە تا ئەو ژمارەیە چیمان بە مایەی خزمەت کردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فیکری و زمانی کوردی زانیبێ، ئەوەمان کردووە و بڵاوکردووەتەوە، تەنانەت نە لەلای ئێمە و نە لەسەرووی خۆمانەوە لیستی ڕەشمان بۆ بایکۆت کردنی نووسەرێک نەبووە کە کێشەی سیاسیی لەگەڵ پارتیدا هەبووبێ، ئەم سیاسەتی کرانەوە و باوەش کردنەوە و پێشوازییە لە هەموو نووسەران و داهێنەران بەدەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانیانەوە باشترین بەڵگەی ئەو ئازادییەیە کە لە ڕامان دا هەیە، بۆیە لەلای ئێمەدا لە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە کارکراوە و کاریش دەکرێ، ئایدیۆلۆژیای سیاسیمان بەلاوە ناوە و ڕوومان لە ئایدیۆلۆژیای (داهێنان) کردووە کە ئایدیۆلۆژیایەکی بزێو و تەکاندەر و جووڵاوە و هەمیشە جێگەی بە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی لەق و لێژ کردووە کە لەلای ئێمە جێگەی نەبووە.

* ڕامان هەر لە سەرەتاوە گۆڤارێک بووە ڕەهەندێکی نەتەوەییانەی هەبووە و هەرگیز (حزبایەتی) دەستی نەخستووەتە بینەقاقایەوە، بۆیە نەکراوەتە شوێنی ڕیکلام کردن بۆ نووسەری بێ نموود و دوور لە داهێنان، هەروەها نەکراوەتە شوێنی پروپاگەندەکردن تەنانەت بۆ ئەو حزبەی پاڵپشتی داراییشی کردووە. دیارە ئەوانەی دەنگیان بەرزە و هاتوهاواریانە هەمیشە ئەوانە کرداریان نییە، یان ئەگەر هەیشیان بێ کرداریان کەمە و ناتوانن خزمەتی بنیادنانەوەی کۆمەڵ و وڵات بکەن، لەگەڵ ئەوەشەوە لەدوای ڕاپەڕین لە وڵاتی ئێمە کار بۆ کەسانێک کراوە کە هیچ خێروبێرێکیان بۆ میللەتەکەیان نەبووە، ئەوانە نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستاشدا ساردی و گەرمییان بۆ میللەتەکەیان نەدیوە و ئارەقەیان بۆ نەڕشتووە، لەگەڵ ئەوەی پشتیان بە بارودۆخەکەوە نەئێشاوە، کەچی وەک کوڕی بەناز پەروەردەکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، کە لێرەدا نابێ لە بەرانبەر پڕۆژەیەکی وەک ڕامان بێ باکیی هەبێ و بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدرێتەوە، نەخاسما لەو سەردەمەدا کە میللەتان بە پڕۆژەی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریی گەورە شەڕی قۆناغی ئاشتی دەکەن و بە کولتوور و هونەرەکەیان دەیانەوێ خۆیان لە نەتەوەکانی دیکە جودا بکەنەوە و جوانییەکانی خۆیان نیشان بدەن و بناسێنن، کەچی لای ئێمە حاڵی بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریمان پەرێشانە و کار وا بڕوا تا دێ زیاتر ڕووی لە خراپیی دەبێ.

* ناکرێ لەو یادەدا سوپاسێکی گەرمی هەموو ئەو نووسەرانە نەکرێ کە لە سەرەتاوە تا ئێستا پشتیوانییان لە گۆڤارەکەمان کردووە و بەردەوام بۆیان نووسیوە، ئەوانە پێش هەر شتێک بۆ خۆشەویستی ئەدەبیات و زمانی کوردی و گۆڤاری ڕامان نووسیویانە، چونکە لە زۆر بڵاڤۆکی دیکەدا پاداشتی بڵاوبوونەوەی نووسین زۆر زۆرترە لەوەی لەلای ئێمە هەیە، کەچی ئەوان سوورن لەسەر نووسین بۆ گۆڤارەکەمان و پێوەندییان لەگەڵمان بەردەوام و بەهێز بووە، ئەوانە پێیان وابووە ڕێزگرتن لە خۆیان و لە نووسینەکانیان و بە پاک و خاوێن بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان زۆر گەورەترە لە فریوی ئەو (پاداشت)ـە چەورانەی خراوەتە بەردەستیان.

* لە دوماهیدا ناکرێ باسی گرفتی گەورەی خۆمان کە دەردی دووری چاپخانەیە نەکەم، کە چۆن (١٢ تا ١٥) ڕۆژ زووتر دەبێ گۆڤارەکەمان ببەینە شاری دهۆک و لەوێ لە چاپخانەیەکی نیوداشت چاپی بکەین، لەوکاتەدا کە بەهۆی کەمتەرخەمی و خەمساردی، یان خراپیی ئامێرەکانەوە زۆرجار لە کوالێتی چاپی گۆڤارەکەمان دێتە خوارێ و هەر جارەی تاڵاوێک بە قوڕگماندا دەکرێ، ئەمەش بۆ ئێمەومانان کە کارەکەی خۆمان خۆشدەوێ دەردەدڵێکی گەورەیە و دەبێ زوو بۆمان چارەسەر بکرێت!